# پسپۆڕەکانی جەلال تاڵەبانی

ئەمجەد شاکەلی

چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، جەلال تاڵەبانی، گەشتێکی بۆ ژاپۆن و چین و ئوسترالیا و ئەو دەوروبەرە کرد. من قسەیەکم لە سەر ئەوە نییە، ئەو پیاوە گەشتی کوێ دەکات و گەشتی کوێ ناکات. وەک باوە، خەڵکانێک، مەبەستم سەرانی دەوڵەتان و گوریسبەدەستانی وڵاتان، ئەوانەی دەم لە سیاسەت دەژەنن و لووت لە کارگێڕیی دەوڵەتێک هەڵدەقورتێنن و باس لە پێوەندی ئابووری و سەرمایەگوزاری دەکەن و لە بری خەڵک قسان دەکەن و بژێوی خەڵکیان بەدەستە، کە گەشتی وڵاتگەلێکی دیکە دەکەن، کۆمەڵێک لێزان و شارەزا و پسپۆڕ و ڕاوێژکار، لە بواری جیاوازدا، دەبنە هەڤاڵی گەشتەکەیان و لەگەڵ هەر کەس و هەر وڵاتێکیشدا دابنیشن، ئیدی ئەو یاوەرانە، زۆر وردکارانە، هەموو لایەنی گفتوگۆکان، تاوتوێ دەکەن و کاکڵەی مەبەستەکان، وەک هێلکەیەکی پاککراو، دەدەنە دەست سەرۆکی شاندەکەیانەوە و وردەکارییەکانیش، بۆ لایەنی بەرانبەر ڕوون دەکەنەوە. ئەوەی بەلای منەوە زۆر سەیر و سەمەرە بوو، ئەوە بوو، لە سەردانەکەی جەلال تاڵەبانیدا بۆ ژاپۆن، کە لەگەڵ هەندێک کارگێڕ و بەرپرسی ژاپۆنیدا کۆبووبووەوە، ئەوانەی ئەندامی وەفدەکەی تاڵەبانی بوون، بێجگە لە خۆی، پێکهاتبوون لە: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد(خێزانی جەلال تاڵەبانی)، قوباد تاڵەبانی(کوڕی جەلال تاڵەبانی) و عومەری سەیید عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان. من ئەم هەواڵەم لە تەلەڤزیۆنەکەی خۆیانەوە(کوردسات) گوێ لێبوو. وەک بڵێی لەمانە پسپۆڕ و لێهاتووتر لە کوردستاندا نەبن و تەواوی عەقڵی کورد، لە کن ئەمانە خڕبووبێتەوە. جەلال تاڵەبانییەک، کە لە 1964وە، دژی "حیزبی بنەماڵە" و "حیزبی خێڵ" و "جامانەسوور" و "عەشایەر" و "چۆمبی" و ئەو جۆرە دەستەواژە و خەڵکانە خەبات دەکات و هەزاران لاو و مرۆڤی شۆڕشگێڕی، بە کوشت داوە، لە پێناوی نەهێشتنی ئەو چەمکانەدا، ئەدی ئەمەی، کە ئێستا خۆی دەیکات ناوی چی لێدەنێت؟ خۆ تەنێ باڤڵ تاڵەبانی لە ماڵی خۆیاندا(ماڵی جەلال تاڵەبانی)، لە هەواردا بەجێ مابوو، دەکرا ئەویش بە ئاسانی بخاتە ڕێ و ئیدی ئەودەم عەرەب گوتەنی: "کملت السبحة"، واتە: تەزبێحەکە پڕبوو.

2003/8/31